کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-7-2007 0:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شین و شایی ...عامر سابیر**

asabir79@hotmail. com



بە پێچەوانەی قسەی عەلی مەحمود محەمەد، کە ئەڵێت (لەسێدارەدانی عەلی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە ئەبێت بە گەورەترین خزمەت لە 19 ساڵی ڕابردوودا بە هەڵەبجە) *، ئەو نمایشە نا ئینسانییە ئەگەر جێبەجێ بکرێت، هیچ خزمەتێک نییە بە خەڵکی کوردستان و هەڵەبجە و قوربانیانی ئەنفال.

خزمەتێکی گەورە بە کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان، لەوەدا ئەبوو کە تێکڕای سەرانی بەعس، کە پاڵەوانی ناسیونالیزمی عەرەبن، لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرانایە، هەرچەندە حوکمی لە سێدارەدان لەو دادگایەدا نییە، بەڵام ئەو دادگاییکردنە لە سەر ئەنفال و کیمیاباران و چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان، ئەبووە هۆی ڕاکێشانی پشتیوانی زۆری خەڵکی ئازادیخوازی جیهان بۆ کێشەی کورد و زیاتر ئەم کێشەیەی، پۆزەتیڤانە، بە جیهان دەناساند.

خزمەتێکی گەورەی تر کە لانی کەم لە ١٧ ساڵی ڕابردوودا ئەتوانرا لە جیاتی بەڵێنی درۆ و کڕوزانەوە و گریان پێشکەش بە خەڵکی هەڵەبجە و قوربانیانی ئەنفال بکرایە، ئەوە بوو کە گۆڕانکاری هەمەلایەنە لە چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی ئینسانە زیندووەکاندا بکرایە.

عەلی هەر ڕابردوو ئەبینێت، چونکە بیری سەر بە ڕابردووە، هیچ بە شایستە نازانێ بۆ داهاتووی هەڵەبجە، هەڵواسینی عەلی کیمیایی لە هەڵەبجە بە چارەسەری کێشەی مەعنەوی ١٩ ساڵی خەڵکی ئەوێ ئەزانێ.

هەرچەندە پێشتر بۆ عەلی ڕونکراوەتەوە، کە (نا) ی بەرەی چەپ و ڕادیکاڵ و ئازادیخوازی کۆمەڵگای کوردستان، لە دژی سزای ئیعدام، لە سەدامی جەلاد و زانای تیرۆریستی ئیسلامی نێربازەوە دەستپێناکات، بەڵام ئەو زۆر هەدەفمەندانە بەردەوام ئەبێت لەوەی ئەم (نا) یە بە سەرەتا و بە خراپ بناسێنێ.

هەروەک چۆن بەدوای هەڵواسینی سەدامدا، منداڵێکی ١١ ساڵان لە شارۆچکەیەکی دوورە دەستی پاکستان لاسایی ئەو نمایشە ئاکاتەوە و خۆی هاڵئەواسێ و ئەمرێت.

هەروەک چۆن ڕۆژی دوای پیشاندانی فیلمی عومەر موختار لە تەلەفزیۆنەکانی (ینک) ەوە، لە کاتێکدا کە هێشتا منداڵان نەخەوتون، منداڵکی ١٠ ساڵان (هیوا عومەر) لە ئۆردوگای تەکیەی کاکەمەند، لاسایی عومەر موختار ئەکاتەوە و خۆی هەڵئەواسێ و تا دایکی پێیدەزانێ، دەمی پڕ دەبێت لە کەف و بە پەلە دەیگەیەننە نەخۆشخانەی چەمچەماڵ و خۆشبەختانە ڕزگار ئەکرێت.

بە هەمان شێوە، عەلی ئەیەوێت بە هەڵواسینی عەلی، کۆمەڵێکی تر لە منداڵانی هەڵەبجە و کوردستان لاسایی ئەو نمایشە بکەنەوە.

عەلی ئازادە لەوەی کە بیروڕای لە سەر ئیعدام چۆنە، بۆ کێی بە ڕەوا ئەبینێ و بۆ کێ نا، بەڵام حەقە ئەو مافە بە خۆی نەدا کە بەناوی چەپ و ئینساندۆستیەوە، شەیدایی خۆیمان بۆ هەڵواسین پێ بفرۆشێ.

ئەوە دادگا نەبوو کە سەدام و هەندێکی کەم لە داروودەستەکەی تیایدا حوکم درا، بەڵکو شانۆگەرییەکی ڕیاکارانە و نمایشێکی چەواشەکارانەی دۆستە گەورەکانی پێشوی (بەعس) ی سەدام بوو، بۆیە لەو بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناو دادگاییکردنەدا، قوربانیان کز و بار لێژ و هەڵبزرکاو ئەبیندران و سەرانی تاوانبار و جەلادی بەعسیش دلێر و دەنگ زوڵاڵ.

ئەوە حوکمی یاسای عێراقێکی مۆدێرن و دیموکراتی بێ بەعس و تاوانە گەورەکانی سەدامی فاشی و بەعسی درندە نەبوو، کە سەدامی پێ هەڵواسرا، بەڵکو تۆڵەی شەخسی و خێڵەکی مێژەربەسەرێکی ئیسلامی و کۆنەپەرستی باوک کوژراو بوو، کە بەدەم وتنەوەی ناوی خۆیەوە (موقتەدا) نمایشی هاڵواسینی پیشانئەداین.

ئەوە سزای تاوان نەبوو، بەڵکو تاوانێک بوو بۆ جێگیرکردنی کورسی سەدامە تازەکان.

هەر بۆیە بەو هەڵواسینە، سەدام لە سەرۆکی حیزبێکی فاشیست و درندەوە، لە جەلادێکی دەست سور بوو بە خوێنی سەدان هەزار کەسەوە، کرا بە پاڵەوان، کرا بە قوربانیەک کە ملیۆنان چاو پڕ بوو لە فرمێسک بۆی.

عەلی لە ماوەی یەک هەفتەدا، بە دوو بەیان، جارێک شین و هاوار ئەکات و (نا) ئەڵێت لە دژی حوکمی ئیعدامی (عەدنان و هیوا)، وە جارێکی تر تەپڵی سەرکەوتن لێئەدا و سەرچۆپی ئەگرێ و مژدە ئەدات، بە بۆنەی هەواڵی هەڵواسینی (عەلی کیمیایی) ەوە لە هەڵەبجە.

ئەم بەراوردکردنە هاوتا کردنی عەدنان و عەلی کیمیایی نییە لە لایان منەوە.

بەڵام هەر کەس و حزب و بزوتنەوەیەک، ئەمڕۆ چەپڵە بۆ هەڵواسینی جەلاد لێدا، ناتوانێ سبەی بەر بە هەڵواسینی دەست و چاو بەستراوەکان بگرێ.

ئەو کەسەی کە سیاسەت فەنی مومکینە لە لای، دەبەنگ نییە، بەڵکو بەرژەوەندی وا ئەخوازێ، بۆیە هەرگیز ناتوانێت بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرێت. بەڵام ئەو کەسەی کە پێی وایە لە دوای ئیعدامی سەرانی بەعس و کۆنە جاشە تاوانبارەکان، جا کاتی ئەوەیە کە (نا) بگوترێت لە دژی سزای ئیعدام، ئەگەر دەبەنگ نەبێت ئەوا مرۆڤ دۆست و ئازادیخوازیش نییە.

2007/7/28

---

* وتاری عەلی مەحمود، کوردستان نێت لە 2007/7/19.

عەدنان و هیوا ئەو دوو هەڵسوڕاوەن کە لە 2007/7/17 لە دادگایەکی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێراندا لە مەریوان حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرکرا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.